خوێنی وشتر چارەسەرە بۆ شێرپەنجە

د. ئیبراهیم فەرغەلی

بڕوا دەکەیت وشتر بەکارگەیەکی زیندەیی دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی دژە زیندەییەکانی بۆ چارەسەرکردنی چەندەها نەخۆشی بەکاردەهێنرێن لەنێوانیاندانەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک شێرپەنجە!

ئەمە ئەنجامی ژمارەیەک توێژینەوەی نوێیە کە لەلایەن تیمێک لەتوێژەرانی زانکۆی بروکسلەوە لەبەلجیکا ئەنجامدراون.

سەرەتای ئەم توێژینەوانە وەک ڕێکەوت وابوون، کاتێک لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دوو توێژەرەوەی ڕاهێنەر داوایان لەڕایموند هامرز توێژەری پسپۆڕ لەزانستی بەرگریدا، کرد کە وەرزی خوێندنی پراکتیکیان زۆر وەڕسکەرەو بێزاربوون لێی و پرسیاریان لێکرد ئەگەر بتوانێت کارێکی پراکتیکیان بۆ بدۆزرێتەوە کە داهێنانی زیاتر لەخۆبگرێت و بۆ توێژینەوەکەیان کاری لەسەر بکەن.

لەوساتەدا هامرز بیری کردەوە کە نیو لیتر لەخوێنی وشتری لەناو بەفرگرەکەدا هەڵگرتووە، هەرچەندە ئەو ئەو خوێنی وشترەی بۆ توێژینەوەیەکی دیکە هەڵگرتبوو کە تایبەتبوو بەو فاکتەرانەوە کە پەیوەندییان بەکێشەکانی خەوتنەوە هەیە، بەڵام پێی وتن: بابزانین دەتوانین دژەتەن antibody لەخوێنی وشتر دەربێنین؟.

ئەو ئەنجامەی دەستیان کەوت سەرسوڕهێنەربوو، چونکە ئەنجامی شیکردنەوەکان ژمارەیەکی زۆر لەدژەتەنی لەخوێنی وشتردا ئاشکراکرد کە هەندێکیان ئەو دژەتەنە ناسراوانە نەبوون کە لەخوێنی هەموو بڕبڕەدارەکاندا هەیە.

لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ڕەوتی کارەکەیان بەتەواوەتی گۆڕانی بەسەرداهات، ئەوەی تەنیا وەک پرۆژەی پراکتیکی دوو خوێندکار کاری لەسەر کرا، بوو بەهێڵێکی سەرەکی توێژینەوەیەکی گرنگ و هامرز خۆی لەگەڵ تیمێک لەتوێژەران سەرپەرشتی کرد.

گریمانەی سەرەتایی تیمی توێژینەوەکە سەبارەت بەم دژەتەنە نوێیانە ئەوەبوو ئەو دژەتەنانە تەنیا پرۆتینی وردن و لەدژەتەنەکانی دیکە جیابوونەتەوە و دواجار هەمان پێکهاتەی تەقلیدی دژەتەنەکانیان هەیە. بەڵام ئەو سەمپڵی خوێنی وشترانەی کە لەکینیاوە هێنرابوون ئاشکرایکرد هەمان دژەتەنی نوێیان تێدایە.

تیمی توێژینەوەکە نەیانتوانی بڕوا بەم دەرئەنجامە دەست کەوتوانە بهێنن و بەردەوام بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە سەرقاڵی توێژینەوە بوون لەسەر هەمان بابەت، چونکە ئەو دەرئەنجامە بەدۆزینەوەیەکی زانستی نوێ و چاوەڕواننەکراو دادەنرا. تیمی توێژینەوەکە کارەکانیان بەرفراوان کردو توێژینەوەیان لەسەر ژمارەیەک جۆری دیکە لەوشتر ئەنجامدا،

دەرکەوت سەرجەمیان بەئاژەڵی لامە- شەوە کە سەربەهەمان جۆری وشترە، هەمان خاسیەتیان هەیە.

لەگەڵ پەرەسەندنی توێژینەوەکاندا هامرز گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەوەی تایبەتمەندێتی بەتەنە بەرگرییەکانی ناو خوێنی وشتر دەدات بچوکی قەبارەکەیان نییە بەبەراوردکردن لەگەڵ تەنە بەرگرییە تەقلیدیەکاندا، بەڵکو پێکهاتەی بەشە زیندەییەکەیەتی کە بەپرۆتینەکانەوە بەستراوەو بەهەمان توانست کاردەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەکرێت بەرهەمهێنانی پرۆتینی بچوکتر لەو پرۆتینە باوەی کە هەیە، هەمان ئەو رۆڵە ببینن کە دژەتەنەکان دەیگێڕن، تەنانەت دەتوانن ئەو رۆڵانەش ببینن کە ئەوان ناتوانن.

بۆماوەی دوو دەیە توێژینەوەکان بەردەوام بوون و توێژەرەکان لەهەوڵداندا بوون بۆ وەڵامدانەوەی هۆکاری بوونی ئەو تەنانە لەخوێنی وشترداو چۆنیەتی دروستبوونیان. لەئێستاشدا وا چاوەڕوان دەکرێت دەرئەنجامی کۆتایی ئەو توێژینەوانە ئاشکرابکرێت لەرێگەی تیۆرێکەوە کە ناسراوە بەتیۆری چارەسەرکردن لەرێگەی دژەتەنە بچووکەکانەوە.

جیاوازی نێوان دژەتەنەکان لەگەڵ نانۆ دژەتەنەکان یان دژەتەنی بچووك، زۆرە، نانۆدژەتەنەکان دەتوانن بگەنە هەموو بەشێکی جەستە تەنانەت ئەو بەشانەش کە دژە تەنەکان ناتوانن بیگەنێ. لەبەرئەوە دەشێت بەئاسانی بەژەهر یان گەردیلەکانەوە بنوسێن، هەروەها بەهێزترو رەقترن لەدژەتەنەکان، لەبەرئەوە دەکرێت لەچارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرسدا قووت بدرێت بێئەوەی تووشی هەرسکردن ببێت. هەروەها بەهۆی وردی پێکهاتەکەیەوە بەکارهێنانی ئاسانترەو بری تێچوونی کەمترەو دەتوانرێت بکرێنەناو هەندێك بەرهەمی وەك شامپۆ بۆ چارەسەرکردنی کرێشی قژ، هەروەها دەکرێت لەرێی ئەندازەی بۆماوەوە رووەك سوودی لێوەربگرێت، بۆنموونە بۆکارکردنەسەر کاری خانەکانی ناوەوەی رووەك یان بۆ کارکردنەسەر چالاکی میتاپۆلیزم.

بەم پێکهاتە وردەیەوە نانۆدژەتەنی ناوخوێنی وشتر وەك هەندێك لەتوێژەران پێیان وایە دەشێت بەکەڵکی ئەوەبێت ببێتە ئامرازی نموونەیی بۆ داهێنانی تاقیگەی کیمیایی مایکرۆیی تایبەت بەتوێژینەوە لەسەر کارلێکەکانی گەردیلە زۆر وردەکان.

وەك زانراوە پرۆتینەکانی لەدژەتەنە تەقلیدییەکاندا هەن شێوەی Y یان وەرگرتووە، پێکهاتەی بەشی کلك یان خوارەوە جێگیرە لەکاتێکدا بەشی سەرەوە زۆر قابیلی گۆڕانە بۆئەوەی رێگە بەدژەتەنی جیاواز بدات بۆ پێکەوەنوسان لەگەڵ ئامانجی جیاوازدا. بۆنموونە ئەگەر ڤایرۆسێکی نوێ هێرشی بۆ جەستەمان هێنا، ئەوا کۆئەندامی بەرگری دەستدەکات بەدروستکردنی دژەتەنی ئامادەکراو بۆ پێوەنوسان لەگەڵ ئەو ڤایرۆسەدا بۆئەوەی یارمەتی بنبرکردن و لەنابردنی بدات.

بەگەڕانەوە بۆ نیوەی هەفتاکان کاتێك زاناکان بۆ یەکەمجار دژەتەنیان دروست کرد، بەدۆزینەوەیەکی گەورە دانرا، چونکە لەوکاتەدا بەچارەسەری ژمارەیەکی ناکۆتا لەنەخۆشی دانرا، هەر لەنەخۆشییە درمەکانەوە تا دەگاتە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە.

دەرمانە تەقلیدییەکانی پێشتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە بەکاردەهاتن کاریگەری لاوەکی زۆریان جێدەهێشت، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی دژەتەنەکاندا بایەخدان بەبیرۆکەی ژەهراوییبوون ئەوەندە گرنگی نەما، چونکە جەستە خۆی لەبناغەدا دەریدەدات. لەگەڵ ئەوەشدا دژەتەنەکان هەندێك خاڵی نێگەتیڤیان هەبوو وەك گەورەیی قەبارەیان بەشێوەیەك لەرێی جۆگەی هەرسەوە مژینیان قورس بوو لەبەرئەوە لەجیاتی قوتدانیان بەدەرزی لەجەستە دەدران.

نزیکەی دوو دەیە پێویست بوو بۆئەوەی پەرە بەدروست کردنی پیشەسازی دروست کردنی دژەتەنەکان بدرێت بەشێوەیەك کە کارایی و توانستیان زیاتر بێت، لەئێستاشدا ژمارەیەکی زۆر لەو دەرمانانە هەیەو بەکاردەهێنرێن وێرای کۆمەڵێك دەرمانی دیکە کە لەکاتی ئێستا دروستدەکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پرۆسەی بەردەوامبوون و نوێکردنەوە لەدروستکردنی دژەتەنەکاندا کارێکی قورسەو بری تێچوونی زۆرە بەهۆی لەلایەکەوە گەورەیی قەبارەکەی

لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی دروستکردنی بەردەوام پێویستی بەخانەی شێردەرەکانە بەشێوەیەکی گشتی. لێرەوە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پشت دەبەستێت بەئەگەری توانینی بەرهەمهێنانی پرۆتینی بچووك كە قەبارەیان بچووك بێت و هەمان ئەو رۆڵەش ببینن کە دژەتەنەکان دەیبینن.

بەرلەبیرکردنەوە لەم بیرۆکەیە پرسیارەکە بەمشێوەیە بوو: بۆچی دژەتەنی وا دروست بکرێت کە هەردوو سەرەکەی جیاوازبن و لەدروستکردنی دژەتەنی تاك پێکهاتەدا سوودیان لێوەربگیرێت.

جۆرج وینتر توێژەر لەتاقیگەی توێژینەوە پزیشکییەکان لەبەریتانیا کە پسپۆرە لەتوێژینەوە لەسەر گەردیلەکان لەکامبردج، لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ئەم پرسیارەی خستەروو.

لەهەوڵێکدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، توێژینەوەکان گەیشتنە بیرۆکەی سەرەتایی دەربارەی دروستکردنی نانۆ دژەتەن.

یەکەم هەنگاوی ئەم هەوڵانە ڤایرۆسێکی دیاریکراویان بەدەرزی لەئاژەڵێکدا لەجۆری وشتر، لەدوای چەند رۆژێك نموونەیەکیان لەخوێنی وشترەکە وەرگرت و شیکارییان بۆ خرۆکە سپییەکانی کرد بۆ دەستنیشانکردنی ئەو دژەتەنانەی کە دروستبوون و هەروەها شیکردنەوەیان.

بۆ زانینی ئەگەری بەکارهێنانی ئەو نانۆدژەتەنانە بۆ مرۆڤ واپێویستی دەکرد هەندێك دەستکارییان تیادا بکرێت بۆئەوەی جەستە بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات کە تەنی نامۆن و کۆئەندامی بەرگری مرۆڤ دەستبکات بەبەرگری کردن بەرامبەریان، بەڵام کێشەکە هەندە ئەستەم نەبوو، چونکە پێکهاتەی ئەم دژەتەنە بچووکانە هاوشێوەبوو لەگەڵ دژەتەنەکان لەناو جەستەی مرۆڤدا.

واچاوەروان دەکرێت سوودێکی گەورە لەبەرهەمهێنانی ئەم نانۆدژەتەنانە وەربگیرێت لەزۆر بواری چارەسەرکردنی نەخۆشیدا، نەك تەنیا ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی مرۆڤ دەبن بەڵکو لەبواری ئەو هەوێن و رووەکانەشدا کە لەرێگەی ئەندازەی بۆماوەوە دەستکاری کراون.

وێڕای ئەم سوودانەش خەسڵەتێکی دیکەیان هەیە کە بۆ ماوەی دوورودرێژ هەڵدەگیرێن و ئەمەش پرۆسەی گواستنەوەیان ئاسان دەکات بەبەراورد لەگەڵ دژەتەنە تەقلیدییەکاندا.

هەروەها توێژەرەوەکان واچاوەروان دەکەن سوود لەنانۆدژەتەنەکان وەربگیرێت لەبەرهەمهێنانی ژمارەیەك حەپدا بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لەو نەخۆشیانەی بەوە ناسراون بڕی تێچوونیان زۆر بەرزە وەك چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی وشکبوونەوە کە یەکێکە لەوحاڵەتە نەخۆشییانەی منداڵان لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا بەدەستییەوە دەناڵێنن، بەپراکتیکیش تاقیکردنەوە لەسەرمشك لەمبارەیەوە ئەنجامدراوەو ئەنجامەکان سەلماندوویانە کە ئەم دژەتەنە نوێیانە کارایییەکی زۆریان هەیە.

لەئێستاشدا ئاراستەیەکی بەهێز لەئارادایە بۆ بەکارهێنانی نانۆ دژەتەنەکان لەچارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشی درێژخایەنی وەك ئەلزایمەر، چونکە لەوانەیە بتوانن بگەنە ئەو شوێنانەی کە دژەتەنە تەقلیدییەکان ناتوانن بگەن پێی وەك ئەنزیمەکان و ئەو درزانەی لەسەر وەرگرە دەمارییەکانی ڤایرۆس و بەکتریاو وەرەمەکان هەیە.

بەڵام تەنیا کێشەی ئەم نانۆ دژەتەنانە ئەوەیە کە سووری تێپەربوونیان بەناو جەستەدا زۆر خێرایە بەبەراوردکردن لەگەڵ دژەتەنە تەقلیدییەکان کە پارێزگاری لەبوونیان دەکەن لەناوسووری خوێندا بۆماوەی نزیکەی سێ هەفتە.

چارسەری ئەم کێشەیەش وەك توێژەرەوەکان پێی گەیشتوون بریتییە لەتێپەرکردنی دوو یەکە لەنانۆدژەتەنەکان بەیەکەوە بەشێوەیەك قەبارەیان هەر بەبچوکی دەمێنێتەو، بەڵام زیاتر کارا دەبن.

سەبارەت بەچارەسەرکردنی شێرپەنجە نانۆدژەتەن دەشێت بگاتە ئەو گەردیلە چالاکەی کە خانەکان دەکوژێت هەروەك ژەهرەکان.

لەساڵی 2004 دا تیمێکی توێژینەوەی بەلجیکی توانیان نانۆدژەتەنێك بەرهەم بهێنن کە لەتوانایدابێت بەژمارەیەك لەپێکهاتەی وەرەمییەوە بنوسێت، پاشان جۆرێك لەبەکتریایان دروستکرد کە لەتوانایدایە لەگەڵ ئەنزیمێکدا یەك

بگرێت کە بەلاکتاماز ناسراوەو کاتێك نانۆدژەتەنەکە لەگــەڵ بەکتریاکەدا یەکدەگرێــت پێکهاتەی ســەرەتایی ناکارای چارەسەرکردن دەگۆڕێت بۆ ماددەیەکی کارای کوشندە بۆ خانە واتە خانەکە دەکوژێت. ئەم ڕێگەیە لەسەر ئاژەڵان تاقیکراوەتـــەوەو کاراییەکی گـــەورەی هەبـــووەو توانیویەتی ئەو وەرەمە شێرپەنجەییانە لەناو بەرێت کە لێکچووە لەگــەڵ ئەو وەرەمانەی تووشی مرۆڤ دەبن.

بەشێوەیەکی پراکتیکیش توانراوە ژمارەیەك حەپ دروســت بکرێت کە نانۆدژەتەنیـــان تیادایە، وەك حەپی بەرگری دژی جەڵتەی خوێن کە لەدوای ساڵانێکی دوورودرێژ لەدوای توێژینەوە لەســەری کارابیەکـــەی دەرکـــەوت و کاریگـــەری لاوەکیشـــی کەمبـــوو. لەئێستاشدا کۆمپانیای ABLYNX لەهەوڵداندایە بــۆ بەرهەمهێنانی ئەو حەپانەی بۆ چارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشی درێژخایەن بەکاردەهێنرێن وەك ڕوماتوید و ئەلزایمەر.

پســپۆڕان لەمبـــوارەدا جەخت لەوەدەکەن ئەم ڕوانگانە لەئایندەیەکی نزیکــدا دێنـــەدی و بــازارەکان لەماوەیەکـــی پێوانەییدا پڕدەبن لەم چارەسەرانە، ئەگەر کارایی چاوەڕوان لێکراویان سەلمێنرا.

سەرچاوە:

گۆڤاری العربی-ملحق العلمی

دەرمانی چارەسەری خەمۆکی، ڕێژەی خۆکوشتن زیاد دەکات

لێکۆڵــەرەوە ئەمریکیـــەکان لەبەڕێوەبەرایەتـــی خـــواردن و دەرمانـــی ئەمریکی FDA، گەشـــتوونەتە ئەو ئەنجامەی بەکارهێنانی دەرمانی چارەســەری خەمۆکی لەنەخۆشـــەکانی تەمەن کەمتر لە 25 ساڵ، ڕێژەی خۆکۆشتن تیایاندا زیاد دەکات، بەڵام ئــەم ڕێژەیە لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا کــەم دەکات، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەژمارەی ئابی گۆڤاری تەندروستی بەریتانی بڵاوکراوەتەوە.

لێکۆڵــەرەوە ئەمریکی و ئەوروپییەکان لەســاڵی 2003 ەوە هۆشـــداریی دەدەن لەکاریگەرییە لاوەکییەکانی ئەم دەرمانانە لەکەســانی منداڵتر لە 18 ســاڵ، پاش ئــەوەی لەچەنــد توێژینەوەیەکی کلینیکیدا مەترســی خۆکوژی لــەو تەمەنانەدا بەکاریگەریی ئەو دەرمانانە دەرکەوت.

شــوباتی 2005، FDA لەڕاگەیاندراوێکدا، ئاگاداریی بۆ بەرزترین پلەی ڕاگەیاند بۆ بەئاگابوون لەکاریگەرییە لاوەکییەکانی هەموو جۆرێکی دەرمانە خەم ڕەوێنەکان لەمنداڵان و هەرزەکارانی کەمتر لە 18 ســاڵ، پاشان هۆشدارییدا لەوەی کە لەلاوانی 18-24 ساڵیشدا هەمان مەترسییان دەبێت.

دەروونناسان و پزیشکانی ئەم بوارە، لەم ڕاگەیاندراوەی دەزگای خواردن و دەرمانی ئەمریکی نیگەرانن و پێیان وایە ئەوان خەڵکی لەدەرمانەکانی چارەســەری خەمۆکی دووردەخەنەوە، لەکاتێکدا خەمۆکی هۆکاری سەرەکیی خۆکوژییە، ئامارە نوێیەکان لەو وڵاتە نیشـــانیانداوە لەساڵی 2004، بەڕێژەی 8٪ خۆکوشتن لەناو لاواندا زیادی کردووە و ئەو ڕێژەیە لەپانزە ساڵدا بەرزترین بووە.

لێکۆڵینەوەیەکـــی بڵاوکـــراوە لەگۆڤاری "ئەرشـــیفی دەروونزانی گشـــتی" ئاماژە بـــەوە دەدات کـــە ئـــەو ڕاگەیەنـــدراوەی FDA کاریگەری زۆری دەبێت لەســـەر نەخۆشـــە دەروونییەکان و دەبێتەهۆی درەنگ دیاریکردن و چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان لەکەسە پێگەیشتووەکانیشدا و داواکارە لەبەڕێوەبەرایەتی خواردن و دەرمانی ئەمریکی چاوێك بەو بڕیارە و سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوە.

پرۆفیســـۆرێکی دەروونزانی لەزانکۆی جەیمس کووکی ئوســـترالی ئەو ڕاگەیاندراوە بەکارێکی زوو وەسف دەکات و پێیوایە لەوڵاتەکەیدا پەیوەندی لەنێوان دەرمانەکانی دژەخەمۆکی و تەمەندا نییە، ئەگەرچی ئەو زانایە هاورایە لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێت ئەو چارەسەرانە ئەگەری خۆکوشـــتن زیاتر یان کەمتر بکەن، هەروەها داواکارە کە لێکۆڵینەوەی وردتر لەو باسە بکرێت.

ئەوەی شـــایەنی باسە ئەو ڕاگەیاندراوەی FDA پشتی بەلێکۆڵینەوەیەك بەستووە کە هەشـــت دروســـتکەری دەرمانی دژە خەمۆکـــی لە 372 تاقیکاریـــی کلینیکی لەســـەر100000 کەس تاقیکراوەتەوە و ئەنجامگیرییەکـــەی ئاماژە بەوە دەدات پەیوەنـــدی بەهێز هەیە لەنێـــوان تەمەن و کاریگەری دەرمانـــە خەمرەوێنەکان بۆ هاندانی خۆکووژی، تیایدا دەرکەوتووە، کاریگەری دەرمانەکان لەخوار تەمەنی 25 ســـاڵیدا لەو پەڕی مەترسیدایە و لە 65-25 ساڵی بەجیاوازی تەمەن کاریگەرییەکە ناگۆڕێت و ئەوانەی لەســـەروو 65 ســـاڵن، لەبەردەم مەترســـی کەمتردان. هەروەك لەئەنجامگیریی توێژینەوەکـــەدا ئاماژە بەوەکراوە ئەم دەرمانانە وەك چەکێکی دوو سەر کار دەکەن.

و: ساڵح

سەرچاوە: ABC science/Reuters